کارێکی واکردەوە ژیانی خۆم لە منداڵیەتی و لاوی و تەمەنی خزمەتی سەربازیم لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا بکەمە کورتە فلیم و خزمەتێک بە خەڵک بکەم بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ژیانم.

ناوەڕۆکی کارەکانی(بیتر) لە کورتە فلیم جەختکردنەوەیە لەسەر سادەیی و بڕوا بەخۆبوون و کۆڵنەدان، دیمەنەکان لە بارەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و ناخۆشیەکان و ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی و ئارەزووی لە سەردەمی لاویتی بۆ لێخوڕینی ماتۆڕسکیل و بڕوا بە خۆبوونی کەسێکی تەمەن(79) ساڵی هێشتا دەتوانێ کاربکات و خزمەت بکات و بەهۆی پیرییەوە ئامادەنییە دەستە و ئەژنۆ دابنیشێت. ئەوەی(بیتر) دڵخۆش دەکات بە بەردەوامی دەستخۆشی و ڕا و سەرنجی بۆدێت لەبارەی کارەکانی و هانیدەدات بەردەوام بێت.

(بیتر)دەڵێت زۆر لێدوانی جوان لەبارەی کارەکانم هەن بەڵام بەلای منەوە ئەو دوولێدووانە جوانترینیانن(خۆزگە باپیرەی من بوویتایە) و (تۆ بەتەنها ئەستێرەی پێگەنیت بەڵکو بوویتە دینەمۆی سەرەکی، بەردەوامبە لە ڕاکێشانی میوانی زیاتر بۆ پێگەکەمان) پێگەی ناوبراو ژمارەی بەکارهێنەرانی لە مانگێکدا (70) ملیۆن بەکارهێنەرە.

# دەمەوێ خۆم بکوژم

باوکی تەمەن

(دەمەوێ خۆم بکوژم) ئەمە ڕستەیەکە بۆتە جێگای نیگەرانی خەڵکی بەریتانیا و(5)ملیۆن پێگەش لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە دەیانەوێ خۆیان بکوژن، هێندەی دیکە نیگەرانیەکانی قوڵتر کردونەتەوە و داوادەکەن حکومەت لەدژی ئەم پێگانە هەنگاوی جدی بنێت.

لە ماوەی(5) ساڵی ڕابردوودا لە(بەریتانیا) بە گوێرەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان(20) حاڵەتی خۆکوشتن ڕوویداوە و ئەو کەسانەی خۆیان کوشتوە دەربارەی ئامرازو شێوازەکانی خۆکوشتن، ئەو پێگانەیان بەسەرکردۆتەوە و لەوێوە فێربوون چۆن خۆیان بکوژن.

ئەم ترس و دڵە ڕاوکێیە سەرەتا لە دەستە و دامەزراوەکانی داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ سەریهەڵدا و حکومەتیان خستۆتە ژێر گوشار بۆ کارکردن لەدژی (5)ملیۆن پێگە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، ئەو پێگانە پێیانوایە ئەو کارەی ئەوان دەیکەن کارێکی ئاساییە و یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە لەژیان بێزاربوونە و ئەو ڕێنمایی و زانیاریانەی ئەوان پێشکەشی دەکەن وادەکات کەسی خۆکوژ لەکاتی خۆکوشتنەکەیدا زۆر بەخێرایی بمرێت و ئازاری کەمتر بچێژێت.

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە بەریتانیا بۆچوونیان وایە لەجیاتی ئەوەی حکومەت شەرعیەت بەو پێگانە بدات پێویستە بیانخاتە خانەی گومان، چونکە بەڵگەنامەی خۆکوشتن کە لە ساڵی(1961)ئامادەکراوە بەندێکی وای تێدانییە بۆ قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەت و نووسینانەی هانی خۆکوشتن دەدەن، بەڵکو تەنها یارمەتیدان و ئامۆژگاریکردن و هاندانی ڕاستەوخۆی قەدەغەکردووە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت خۆیان بکوژن و ئەو کەسەی بەم کارانە هەڵبستێت دادگایی دەکرێت.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی (بەریتانیا)دەڵێت کێشەیەکی گەورەڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە هەنگاونان دژی ئەم پێگانە ئەویش ئەوەیە، زۆربەی ئەم پێگانە لە دەرەوەی سنووری(بەریتانیا)ن و ناتوانرێت یاساکانی ولاتانیان بەسەردا جێبەجێبکرێت. ئەو پێگانەی هانی خۆکوشتن دەدەن ژمارەیان(5) ملیۆن پێگەیە و زانیاری زۆر مەترسیدار دەربارەی خۆکوشتن دەخەنەڕوو، بەدەیان و سەدان ژووری

چاتکردنیان هەیە کەوا دەربارەی ئامراز و شێوازەکانی خۆکوشتن گفتوگۆی تێدا دەکرێت، ئەو کەسانەی نیازی خۆکوشتنیان هەیە لەو ژوورانەی چات هەوڵیان لەگەڵ دەدرێت بیانهێننە سەر ئەو رایەی خۆکوشتن مەسەلەیەکی زۆر ئاسان و ئاساییە و بەو شێوەیە سەخت و پڕ ئازار نییە کەمرۆڤ بیری لێدەکاتەوە.

هەڵسوڕاوانی بواری مافی مرۆڤ داوادەکەن وەزارەتی تەندروستی(بەریتانیا) پێویستە لە بنەڕەتەوە دەستکاری یاسای خۆکوشتن بکات و گۆڕانکاری تێدا بکات و یاساکانی دیکەش بەهەمان شێوە، دەبێت لە ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانکارییانەدا باس لە مەترسی ئینتەرنێت و ئەو پێگانە و شێوازی خۆپاراستنیان بکرێت.



وەزارەتی ناوخۆی(بەریتانیا)ر ایگەیاندووە زۆر بە بایەخەوە لەم مەترسیە دەڕوانن و سەرگەرمی گفتوگۆن بۆ گۆڕانکاری لە بەڵگەنامەی (1961)و قەدەغەکردنی ئەو پێگانە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە زۆرینەی ئەو پێگانە لە دەرەوەی ئەم وڵاتە و چۆن هەڵسوکەوتی یاساییان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام هەنگاوی سەرەتایی ئەوەیە خەڵک لە مەترسی ئەو پێگانە ئاگادار بکرێنەوە و بەتایبەتی لاوان هۆشیار بکرێنەوە لە لایەن ناوەندەکانی خوێندن و راگەیاندن و خانەوادەکانیانەوە ئامۆژگاری و چاودێری بکرێن بۆ خۆ دوورگرتن لەو پێگانە.

## چینییەکان لە ڕێگای نۆکیا فێری زمانی ئینگلیزی دەبن

کۆمپانیای نۆکیا پێشەنگی کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی بواری گەیاندنە لە رووی ژمارەی بەشداربووان و دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری، بەردەوامیش هەوڵدەدات خزمەتگوزاری نوێ و بەسوود بخاتە بەردەستی بەشداربووانی. ماوەیەک بەر لە ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی کۆمپانیای نۆکیا ئاشکرای کرد، سەرقاڵی بەرهەم هێنانی جۆرێکی نوێی ئامێری مۆبایلن بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەم مۆبایلەوە زیاتر لە یەک ملیارد کەس لە خەڵکی چین فێری زمانی ئینگلیزی ببن. کۆمپانیای نۆکیا گرنگی زۆر بەم پلانە دەدات و وەکو گرەوێک سەیری دەکات بۆ پاوانکردنی بازاڕەکانی ئاسیا بە قازانجی بەرهەمەکانی، پێشبینی دەکرێت لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا چین ببێتە گەورەترین و بە هەرمێن ترین بازاڕی ئامێری مۆبایلی نۆکیا. بە گوێرەی ئامارەکان ژمارەی ئامێرەکانی مۆبایلی بەکارهێنراو لە چین(450)ملیۆن ئامێرەو تاکوتایی ئەمساڵیش(20%)ی بەرهەمی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی مۆبایل لە بازاڕەکانی چین دەفرۆشرێن کە کۆی بەرهەمیان دەگاتە(2/1)بلیۆن ئامێری مۆبایل.لەم هەنگاوەدا کۆمپانیای نۆکیا وانە سەرەتاییەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەخاتە نێو پرۆگرامی ئامێری مۆبایلەکانی و ئەم پرۆگرامەش تایبەتە بە چینیەکان.شایانی باسە کۆمپانیای نۆکیا لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چین هەیە و لە ساڵی(1985)یشدا یەکەم نوسینگەی لە(پەکین) کردۆتەوە، کۆمپانیای نۆکیا دوو ناوەندی نێودەوڵەتی تایبەت بە لێکۆڵینەوە دامەزراندوە و چەندین لقی لە چین کردۆتەوەو ژمارەی فەرمانبەرەکانی لە چین دەگاتە (4500)کەس و ئەم کۆمپانیایە زۆربەی بەرهەمە سەرەکیەکانی وەکو ئامێری مۆبایل و ئامێرە ژمارەییەکان لە چین بەرهەم دێنێت و بە زۆریش لە بواری گەیاندن پەیوەندییەکان لەگەڵ چین بە هێزتر دەکات.